# دایکی نیشتێمان

ن. ئەفسون



siwaily@web.de

هەنوکەش من نازانم هۆی بەشوبهاندی نیشتیمان بەدایک لەکوێوە
سەرچاوەی گرتووە، بۆدەبێت نیشتیمانمان مێینەبێت ؟
هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوەی نیشتیمانیدایک لە کوێوە سەری هە ڵداوە ؟ زاری‌کێ خاوەنی ئەم ووشەییە ؟

گەر بە دایرەتول مەعارفی مێشکی پڕ بە پیت و بەرەکەتی نێرینەی کورد دا بڕوانیت، چەندە بە لاوازکردنی جەستەی نێرینەی خۆی ومێینەی هاوتەریبی ژیانی شوغڵاوە ، چارەکەئەوەندەش بۆ پێشکەوتنی ئەو جەستەیە نەکاری بۆکردوە و نە هەوڵیشی بۆ داوە کاری بۆ بکات.
ئەوەندەی ئەز گەرەکمە بزانم نێرینەی کورد کە چەندین ساڵە و مێژوی ئەمرۆژیشی لەبان بێت، بە دەست داگیرکەرانی نێرینەی چواردەوری دەخەسێنرێت و دەچەوسێتەوە، بۆدەبێت بۆلاوازکردنی جستەی ئافرەت ئەوەندە ئەکتیفبێت?،دەکرێت مرۆڤ لەپاڵ دنیایەک گۆڕانکاری دا پاسیف بێت و ئازادی ویەکسانی لەگەڵ ئافرەت دا بەکێشە بشوبهێنێت?. پیاوی‌کورد لە دەریای سیاسەت وگۆڕانکاریەکان زۆرجاریش لە دیدی دۆست و داگیرکەرانیشیەوە لەو قرشی نێو ئاوە دەچێت کە ددانی لە دەم دا نیەو لە دەریا دا مەلە دەکات و هیچی پێناکرێت،کێ هەڵدەێسیت بزێکی پێوە دەکات. ئاخردەبێت هەتا ئەمرۆژیش خۆمان بە کۆیلەی دەستی توندوتیژیەک بزانین، ئەو توندوتیژیەی کەلامان نامۆیە و کەسمان خۆمانی بە خاوەن نازانین .
نێرینەی کوردی زەلو سیفەت تا توانیویەتی خوێنی مێینەی کوردی هەڵمژیوەو هێزو توانای بەهەدەر داوە.
ئەوەی من دەمەوێت بزانم و لە ناخمدا پاڵم پێوە دەنێت ،ئەوەیەکە بۆ دەبێت نیشتیمان مێینە بێت?من دە مەوێت دوای ئەگشت توندوتیزیەی کە دەرهەق بە ئافرەت دەکرێت بەسەر خاکێک دا بڕشێمەوە کە پێی دەڵین ،،دایکی‌نیشتیمان ..
بە لای منەوە وەک کوردێک کاتێک کێشەی شەرەف کۆتای پێ هات‌کە وڵاتی ژن ( دایکی نیشتیمان،،ژنی باشور) ) لە دەست دوزمن ڕزگاری بوو، ڕزگاری بوو لە کۆمەڵێک فاشیستی کۆمەڵکوژ ،ڕزگاری بو لە کۆمەڵێک جاش‌وخۆفرۆش نەفس سز، لە کۆملێک ورچ سیفەت کە دایمە لە ئاهەنگەکانی بەعس دا سەمایان دەکرد وکڕ بون،بەو قسەڵۆک ونوسینەکانیان ئازاریان دەخستە جەستەی قلەم و مرۆڤ. دوای هەڵاتنی بەعس کێشەی شەرەف لای من کۆتای پێهات .
کاتێک لە دەڤەری نێرسالاری ئێمە شەڕی نێرکوزی (براکوژی) هەڵگیرسا هەرئە وکات پفیان لە شرەرەفی دایکی نیشتمان کرد. ئە وکات کەشەڕی نێر بو لەتەک نێر کەچی دایکی نیشتیمان زەرەری کرد،کە مێینە یە، هەنوکەش خەریکی هەڵگیرساندنی شڕی نێر لەگەڵ مێیە کە ئەمە مەش تاکتیکی نێرە بۆ لە ناو بردنی ڕەگەزی مێ کە دایکی نیشتیمانە.
جاران دەگوترا کوردی کۆڵ بەکۆڵ،کوردی بێنیشتیمان،کوردی ئاوارە،واخە ریکە لە سایەی کۆمەڵێک موشەخۆر و نا مەسئول کورد بکەن بە ژن کوژ بە کوردی ژن کوژ ناوی بەرن . بڕۆن تماشای بازاری نێری لای خۆمان بکەن بنواڕن و گوێ هەڵخەن چۆن باسی ژن دەکەن، بزانن مەجال دەن کارێک ژن بیبات بەڕێوە، ئایا چالاکی ژن وەک پێویست وایە،ئەوەندەی هەوڵدەدەن دوژمن بکەن بەدۆست نیو ئەوەندەش هەوڵیان نەداوە لە دۆستی( ژن) یان نزیک ببنەوە
دونیا واخەریکە ژن دەیبات بەڕێوە و لای خۆشمان قلاجۆی دەکەن. ئەو خوێنەی لەم ماوەدا لە ژن جۆڕا مومکین نیە پیاو سارێزی بکات.
گشت ئاهو نزاو دۆعای نێرە ئاین پەرستەکان وشەرەف ویستەکان وەک بلۆک بیخەرەسەریک و بەماتماتیک کۆی کەرەوە بیکێشە بزانە یەکسانە لەگەڵ دۆعای ژنی بعشیقە.
من نازانم بۆ نیشتیمان دایکە?،،،،،نازانم بۆ دە بێت نیشتیمان مێ ینەبێت? ئەگەر نیشتیمان مێینە بڕوات و سەری خۆی هەڵگرێت و تا زوە هەڵ بێت، هاکا کولتوری نێرسالار سوتانیان و بە دزییەوە ناشتێان